# (13)

# گفتوگۆیەكی ژیرانە

## ئایا ئەو حاڵەتانە كامەن كە ئافرەت لە میراتدا وەك پیاو یان زیاتر وەردەگرێت؟

بەڕێزان!

ئەم بەشەشمان هەر تەواوكەری بەشی ڕابردوو دەبێ لەباسی حیكمەت و فەلسەفەی میرات، ئایا خوایەكی زانا و دانا و دادگەر چ پێویستی بەوە هەیە بەشی ئافرەت كەمتر دابنێ لەبەشی پیاو؟

لەدەرسی ڕابردوودا بەشێكمان لەو مەسەلەیە تاووتوێ كرد و گفتوگۆیەكمان لەبارەیەوە ساز كرد، باسی ئەوەمان كرد لەهەموو حاڵەتێكدا پیاو زیاتری بەرناكەوێ لە ئافرەت، لەم بەشەدا ڕوونی دەكەینەوە كە تەنها لەچوار حاڵەت ئافرەت نیوەی ئەو میراتە دەبا كە پیاو بەری دەكەوێ، واتە: تەنیا لەچوار حاڵەتدا پیاو دوو هێندەی ئافرەت دەبا، بە پێچەوانەوە لە حەفت حاڵەتدا ئافرەت و پیاو وەك یەك میراتیان بەر دەكەوێ، لە دە حاڵەتیشدا ئافرەت زیاتری بەردەكەوێ لەپیاو، لە بیست حاڵەتیشدا ئافرەت میرات دەباو پیاو نایبات، چونكە بەدەقی قورئان خوای پەروەردگار لەهەندێ شوێندا بەشی ئافرەتی دیاری كردووە و باسی پیاوی نەكردووە.

**ئەم چوار حاڵەتەی كە خوای پەروەردگار دیاری كردووە پیاو دوو بەشی ئافرەت دەبات ئەمانەن:**

**حاڵەتی یەكەم:**

ئەگەر كوڕ و كچ میراتی دایك و باوكیان ببەن، وەك پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿ يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ فِيٓ أَوۡلَٰدِكُمۡۖ لِلذَّكَرِ مِثۡلُ حَظِّ ٱلۡأُنثَيَيۡنِۚ ١١ ﴾ النساء. خوای پەروەردگار ئامۆژگاریتان دەكات لەبارەی منداڵەكانتانەوە كە نێرەكان دوو هێندەی مێیەكان میراتیان بەردەكەوێ.

**حاڵەتی دووەم:**

ئەگەر هات و باوك و دایك ببنە میراتگری منداڵەكەیان واتە: كوڕ یان كچ بمرێ تەنها دایك و باوكەكە ببنە میراتگر، واتە: ئەو كچە، یان ئەو كوڕە، هاوسەر و منداڵی نەبێ، وە خوشك و براشی نەبێ، واتە: دایك و باوكەكە یەك تاقە منداڵیان هەبێ، منداڵەكەشیان بمرێ، لەو حاڵەتەدا باوكەكەی دوو ئەوەندەی

دایكەكە دەبا، دایكەكە یەك لەسەر سێی ماڵەكەی بەردەكەوێ، ئەوەی تر بۆ باوكەكە دەبێ، وەك پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٌ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُ ﴿١١﴾﴾ النساء، واتە: ئەگەر كەسێك مرد و منداڵی نەبوو میراتگرەكەیان تەنها دایك و باوكیان بوو ئەوە لەو حاڵەتەدا باوكەكە دوو بەش و دایكەكەش یەك بەش دەبات.

## حاڵەتی سێیەم:

ئەگەر كەسێك بمرێ خوشك و برای هەقی هەبێ واتە: خوشك و برای زڕی نەبێ، ئەم جۆرە كەسە پێی دەگوترێ: (كَلالَة)، ژن و منداڵی نییە، دایك و باوكیشی نییە، تەنیا خوشك و برای هەیە، لەو حاڵەتەشدا برا دوو هێندەی خوشك دەبات، وەك خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿وَإِن كَانُوٓاْ إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَآءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ﴿١٧٦﴾﴾ النساء، ئەگەر هاتو كەسێك مرد برای هەبوو خوشكیشی هەبوو لەو حاڵەتەدا بەشی برا دوو هێندەی بەشی خوشك دەبێ.

## حاڵەتی چوارەم:

ئەگەر ژن و مێردێك هیچ منداڵێكیان نەبێ، پیاوەكە هیچ ژن و منداڵێكی تریشی نەبێ، پیاوەكە بمرێ، ئەوا ژنەكە یەك لەسەر چواری میراتی پیاوەكەی خۆی بەردەكەوێ، بەڵام ئەگەر ژنەكە مرد پیاوەكە نیوەی بەشە میراتەكە دەبات، وەك خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَٰجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ ﴿١٢﴾﴾ النساء، پیاوان نیوەی ئەو ماڵەیان بەردەكەوێ كە خێزانەكانیان دوای خۆیان جێی دەهێڵن، ئەگەر هاتو خێزانەكانیان منداڵیان نەبێ.

## لە حەوت حاڵەتیشدا ئافرەت وەكو پیاو بەشە میرات دەبات:

بۆ نموونە :ئەگەر كەسێك بمرێ ئەو كەسە (كەلالە) بێ، واتە: ژن و منداڵی نەبێ، وە دایك و باوكیشی نەمابێ، تەنها خوشك و برای لەدایكی خۆی هەبێ بەڵام لە باوكی خۆی نەبێت، لەو حاڵەتەدا خوشك و برا وەك یەك میراتەكە دەبەن، وەك خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمْرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ ﴿١٢﴾﴾ النساء، واتە: هەر یەكێك لە خوشك و براكانی یەك لەسەر شەشی ماڵەكە دەبەن، بەڵام ئەگەر لەخوشك و برایەك زیاتر بوون واتە:

چەند خوشکێك و چەند برایەکی هەبوون ئەو کاتە هەریەکەیان یەك لەسەر سێ دەبات، کەواتە لەو حاڵەتەدا ئافرەت و پیاو وەك یەك میراتیان بەردەکەوێ.

**لە دە حاڵەت ئافرەت زیاتر دەبات لە پیاو:**

بۆ نموونە ئەگەر ئافرەتێك بمرێ هاوسەر و باوك و دایك و دوو کچی لەدوای بەجێ بمێنێ، کچەکان دوو لەسەر سێی بۆ دیاری کراوە، وەك خوای کاربەجێ دەفەرمووێ: ﴿فَإِن كُنَّ نِسَآءً فَوْقَ ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ۖ ١١﴾ النساء، بەهەمان شێوە پیاوەکەش واتە: هاوسەرەکەشی یەك لەسەر چواری بۆ دیاری کراوە، باوكو دایکەکە هەریەکە یەك لەسەر شەشیان بۆ دیاری کراوە.

بۆ نموونە ئەو ئافرەتە (60) دەفتەری لەدوای بەجێماوە، لەو حاڵەتە:

بەشی هاوسەرەکەی (12) دەفتەر دەبات.

دایكو باوکەکەش هەریەکە (8) دەفتەری دەبەن، بەشێوەی (تەعصیب) هیچ نامێنێتەوە.

کچەکان بەتەنها (32) دەفتەری دەبن.

بەڕێزان سەیر بکەن!

باوکەکە واتە: باوکی ئەو ئافرەتەی کە وەفاتی کردووە، لەگەڵ هاوسەرەکەی، بەهەردووکیان (20) دەفتەری دەبەن، بەڵام دوو کچەکە بەهەردووکیان (32) دەفتەری دەبەن، واتە: هەریەکەیان (16) دەفتەری دەبەن، کەواتە: بەشی دوو کچەکە زۆر زیاترە لەبەشی هاوسەری ئافرەتەکە و باوکەکەشی.

هەمان مەسەلە ئەگەر ئافرەتێك بمرێ، لەبری دوو کچەکە دوو کوڕی بەدوای بەجێماوە، واتە: ئەو ئافرەتە کە مردووە، هاوسەر و باوك و دوو کوڕی لەدوای خۆی جێبهێڵێ، لەو حاڵەتە:

بەشی هاوسەرەکەی (15) دەفتەر دەبێ.

بەشی باوکەکە (10) دەفتەر دەبێ.

بەشی دایکەکەش (10) دەفتەر دەبێ.

بەشی دوو کوڕەکە لەبەر ئەوەی بەشێوەی (تەئصیبە) (25) دەفتەر دەبێ.

واتە: هەریەکەیان (12,5) دوازدە دەفتەرو نیو دەبەن، بەڵام لەنموونەکەی پێشوو تەماشا دەکەین هەریەکە لە کچەکان (16) دەفتەریان بەرکەت، ئەمە لەبەرچی؟

لەبەر ئەوەی بەشی کچەکە دیاری کراوە، بەڵام بەشی کوڕەکە ئەوانەی بەشیان دیاری کرابوو بەشی خۆیان دەبەن ئەوەی کە دەمێنێتەوە باقیەکە بۆ کوڕەکە دەبێ.

حاڵەتێکی تر ئەگەر ئافرەتێك بمرێ هاوسەر و باوك و دایك و کچێکی لەدوا بەجێ بمێنێ، ئەگەر ئافرەتەکە دەوڵەمەند بێ و (156) دەفتەری لەدوا جێ بمێنێ، لەو حاڵەتە:

پیاوەکەی (36) دەفتەر دەبا.

باوکەکە (24) دەفتەری دەبا.

دایکەکەش (24) دەفتەری دەبا.

کچەکە بەتەنها (72) دەفتەری دەبا.

ئەمە لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی بەپێی ئایەتەکە کچەکە نیوەی میراتەکەی بەردەکەوێ، بەڕێزان سەیری بکەن هاوسەرەکەی و پیاوەکەی بەهەردووکیان (60) دەفتەریان برد، بەڵام کچەکە بەتەنها (72) دەفتەری برد.

هەمان نموونە واتە: هەمان ئەو ئافرەتەی سەرەوە ئەگەر وا دابنێین لەبری ئەو تاقە کچە، تاقە کوڕێکی هەبێ، کوڕەکە (65) دەفتەری بەردەکەوێ، چونکە بەپێی ئایەتەکە بۆی دیاری نەکراوە نیوەی ماڵەکە ببات، وەك ئەوەی کچەکە بۆی دیاری کرابوو.

نموونەیەکی تر، ئەگەر ئافرەتێك بمرێ خاوەنی (195) دەفتەر بێ، هاوسەر و باوك و دایك و کچێکی لەدوا بەجێ بمێنێ، هەروەها کچی کوڕیشی لەدوا بەجێ بمێنێ، لەو حاڵتە بەشی هەر یەکێکیان بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کراوە.

پیاوەکەی (39) دەفتەر دەبات.

باوكو دایکەکە هەریەکەیان (26) دەفتەر دەبەن.

کچەکە بەتەنها نیوەی میراتەکە دەبات واتە: (78) دەفتەر دەبات.

کچی کوڕەکەی (26) دەفتەر دەبات.

سەیر بکەن بەڕێزان کچەکە بەتەنها (78) دەفتەری بردووە، لەبەرامبەردا هاوسەرەکەی (39) دەفتەری بردووە، کەچی ئەمە کچە و ئەوەش پیاوە!! هەروەها باوکەکە (26) دەفتەری بردووە، لەگەڵ هی دایکەکەی وەکو یەکە، هەریەکەیان (26) دەفتەریان بردووە، کچی کوڕەکەی دەمێنێتەوە، ئەمیش (26) دەفتەری بردووە، واتە: کچی کوڕەکە بە ئەندازەی باوکی ئافرەتەکە پارەی بەرکەوتووە.

**لەهەندێ حاڵەت هەن پیاو بەشە میراتی هەر بەرناکەوێ، بەڵام ئافرەت بەری دەکەوێ:**

ئەگەر ئافرەتێك بمرێ، هاوسەرو باوك و دایك و كچێك و كوڕی كوڕێكیشی لەدوا بەجێ بمێنێ، واتە: ئەگەر لەجیاتی كچی كوڕەكەی كە لەنموونەكەی پێشوو گوتمان، ئەوجارە دەڵێین: كوڕی كوڕی، واتە: هەمان نموونەی پێشووە، تەنها لەبری كچی كوڕەكەی ئەوجارە گوتمان كوڕی كوڕی هەبێ.

پیاوەكەی (45) دەفتەری دەبا.

باوك و دایكەكە هەریەكەیان (30) دەفتەر دەبەن.

كچەكەش (90) دەفتەری بەردەكەوێ.

بەڵام كوڕی كوڕەكە هیچ پارەیەكی بەر ناكەوێ.

بەڕێزان! حاڵەتی دیكەی زۆر هەیە ئەگەر بێین باسی بكەین، بەڵام خوای پەروەردگار ڕەچاوی ئەوانەی كردووە، كە زیاتر پێویستیان بە پارەیە، بۆ نموونە ئەگەر پیاوێك بمرێ خاوەنی (6) دەفتەر بووبێ، كوڕێك و كچێكی لەدوای بەجێ بمێنێ، كچەكە (2) دەفتەر دەبات، كوڕەكەش (4) دەفتەر.

كوڕەكە پێویستی بە ژن هێنانە، دەبێ ماڵ دابنێ، مارەیی بدات بە ئافرەتەكە، پێشەكی و پاشەكی، پێویستی بە خانووە، هەروەها نەفەقەی خێزانەكەشی لەسەر ئەستۆی ئەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەبێ ئەو خوشكەكەشی بەخێو بكات تا شوو دەكات، بەڵام خوشكەكەی كاتێك شوو دەكات، دوو دەفتەری هەیە، لەوانەیە دوو دەفتەری تریش وەربگرێ بەزێڕ و ماڵ و پارە و جلوبەرگەوە.

دەبێ ئەوە لەبیر نەكەین لەو حاڵەتانەی كە بەشی پیاو زیاترە لەبەر ئەوەیە پارەكەی بەرە و كەم بوونەوە دەچێ، واتە: ئەو چوار دەفتەرەی كوڕەكە وەری گرتووە بەش دەبێ لەنێوان خۆی و خێزان و منداڵەكانی و دواتر خوشكەكەشی دەبێ بەخێو بكات تا كاتێك پرۆسەی هاوسەرگیری دەكات، بەڵام كچەكە ئەو دوو دەفتەرەی وەری گرتووە كەم ناكات، هەمووی بۆخۆی دەمێنێتەوە، دەتوانێ هەر شتێكی پێ بكرێ كە دەیەوێ، زێڕ بێ، موڵك بێ، یان ئەگەر بیەوێ دەیخاتە ئیش كردن، بەرەو زیادی دەچێ، كەواتە: مەسەلەكە مەسەلەی پێویستییە.

ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی خوای لێبێ سەبارەت بەو ئایەتە: ﴿ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ ﴿١١﴾ ﴾ النساء، بەشی كوڕ دوو ئەوەندەی بەشی ئافرەتە، دەڵێ: هۆكارەكەی ئەوەیە چونكە پیاو موئنەی لەسەرە، پێویستە منداڵەكانی خۆی بەخێو بكات، ماڵی پێویستە میوانی دێ، واتە: چەندین تەكلیفی لەسەرە، بە پێچەوانەوە ئافرەت ئەو تەكلیفانەی لەسەر نییە.

ئیمامی شەنقیتی ڕەحمەتی خوای لێبێ لەبارەی هەمان ئایەت دەڵێ: ئایەتەكە پەیوەندی بەو ئایەتەوە هەیە كە خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿ الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ

بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ ﴿٣٤﴾ النساء، پیاوان هەڵدەستن بە سەرپەرشتی و نەفەقەی ئافرەتان، یارمەتیان دەدەن و چاودێریان دەکەن، کەواتە: ئەمەش وای لێ دەکات بەردەوامماڵەکەی بەرەو کەم بوونەوە بچێ.

## بۆچوونی دوو زانای گەورە لەبارەی بەشە میرات لە ئیسلام:

یەکەم:

زانا (ئەینی بین زینیت) نووسەری کتێبی (الأديان المنتشرة في الهند) دەڵێ: (هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کاتێ باس لەوە دەکەن موحەممەد و قورئان ستەمیان لە ئافرەت کردووە) بەبەڵگە دەیهێنێتەوە کە ئیسلام زۆر ڕەچاوی ئافرەتی کردووە، ڕێزی گرتووە، باسی میراتی ئافرەتی کردووە، ئەوپەڕی دادگەری تێدا بەدیێ دەکرێ، وە سەربەخۆیی دراوە بە ئافرەت لەوەدا کە ئەو ماڵ و میراتەی وەریدەگرێ سەربەستە لەوەی چی لێ دەکات.

دووەم:

زانا (گۆستاف لۆبۆن) خاوەنی کتێبی (حضارة الغرب) دەڵێ: (قورئان لەمەسەلەی میرات مافی تەواوی داوە بە ئافرەت، بەشێوەیەك کە لە یاساکانی ئەورووپا بەو شێوەیە نییە، قورئان زۆر بەدادگەری مافی ئافرەتی چەسپاندووە، چەسپاندنێکی ئاساییش نا، بەڵکو فەرموویەتی: بەشێکە فەرز کراو و پێویستە).

لەکۆتاییدا دەڵێین: ﴿أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ﴿١٤﴾﴾ الملك، ئەو خوایەی کە مرۆڤی دروست کردووە هەر خۆی خاوەن لوتف و بەزەیی و شارەزاییە، ئایا ئەو نازانێ چ بۆ مرۆڤ باشە کە دروستکراوی خۆیەتی؟

.